# وەقایعی کوردستان

Waqaehi Kurdistan

ڕۆژنامەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد هەفتانە دەری دەکات

ژمارە (١٠٥) چاپی یەکەم سالی نۆیەم ٢٠٠٩/٨/٣١ ز ٩/گەلاوێژ/٢٧٠٩ کوردی ١٠/رەمەزان/١٤٣٠ کۆچی

105

لەم ژمارەیەدا :

* بڕیاری ژمارە (٩) ی سالی ٢٠٠٩ ی پەرلەمانی کوردستان-عێراق ............... ل١
هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان-عێراق.

* بەیانی ژمارە (٧) ی سالی ٢٠٠٩ / وەزارەتی داد ............................ ل٢
دامەزراندنی دادگای کارگێڕی ( المحكمة الادارية ) لە سەنتەری هەرسێ پارێزگای ( هەولێر ، سلێمانی ، دهۆك ) .

* ڕێنمایی ژمارە ( ١ ) ی سالی ٢٠٠٩/ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی ...... ل٣
مۆڵەتدانی سزادراوان لە فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەلایەتی لە هەرێمی کوردستان.

ناونیشان: هەولێر-چوار ڕیانی عەنکاوە باڵەخانەی وەزارەتی داد. .
☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٠٧٥٠٤٧٣١٨٤٢ - ٢٢٤٥٥٠٨ )

نرخی ٧٥٠ دینارە

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region Government (KRG), Publishing by Ministry of Justice.

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة إقليم كوردستان- تصدر اسبوعياً من قبل وزارة العدل

العدد (١٠٥) الطبعة الاولى السنة التاسعة ٢٠٠٩/٨/٣١ م ٩/گەلاویژ/٢٧٠٩ كوردى ١٠/رەمەزان/١٤٣٠ ھ

## في هذا العدد:


❁ قرار رقم (٩) لسنة ٢٠٠٩ / رئاسة برلمان كوردستان-العراق .............. ص ٤

انتخاب رئيس و أعضاء هيئة رئاسة برلمان كوردستان-العراق .

.................................فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط.................................

❁ بيان رقم (٧) لسنة ٢٠٠٩ / وزارة العدل........................................ ص ٢

تشكيل ( محكمة الإدارية ) في مركز محافظة ( اربيل ، السليمانية ، دهوك ).

❁ تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٠٩ / وزارة العمل و الضمان الاجتماعي .............. ص ٣

الإجازة المنزلية للمحكومين في دوائر الإصلاح الاجتماعي في إقليم كوردستان-العراق.


No.:105 Date : Aug,31, 2009 Vol. : 9

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

السعر ٧٥٠ دينار

العنوان : اربيل- تقاطع عينكاوه- بناية وزارة العدل.
☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٠٧٥٠٤٧٣١٨٤٢ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨ )

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار : ٩**

**مێژووی بڕیار :٢٠٠٩/٨/٢٠**

## بڕیـــاری ژمارە ( ٩ ) ی ساڵی ٢٠٠٩

**پـــشت بەســـتن بـــە حوکمـــەکانی مـــاددەی ( ٤٨ ) لـــە یەســـای ژمـــارە ( ١ ) ی ســـاڵی ١٩٩٢ ی هـــەموار کراو،پەرلەمانی کوردســــــتان – عێراق لە دانیشتنی دەستپێکی خولی هەڵبژاردنی سێیەمدا کە لـــە مێـژووی ( ٢٠٠٩/٨/٢٠ ) بەسترا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:**

**یەکەم : هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان–عێراق بە تەزکییە بەم شێوەی خوارەوە :**

| | |
|---|---|
| **١.محمد قادر عبدالله ( د.کمال کەرکووکی )** | **سەرۆکی پەرلەمان.** |
| **٢.أرسلان بایز اسماعیل** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمان.** |
| **٣. فرست احمد عبدالله** | **سکرتێری پەرلەمان.** |

**دووەم : ئەم بڕیارە لـە مێـژووی هەڵبـژاردن و سـوێند خـواردنی یاسایی لـە ( ٢٠٠٩/٨/٢٠ ) ەوە جێبـەجێ کراو دەژمێردرێ.**

**سێیەم : ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی ڕەسمی ( وەقایعی کوردستان ) دا بڵاو دەکرێتەوە.**

**محمد قادر عبدالله**

**( د.کمال کەرکووکی )**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان-عێراق**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد

## وەزارەتی داد

### بەیـــان ژمارە ( ٧ ) ی ســــاڵی ٢٠٠٩

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە بە پێی ماددەی ( دوازدەم/ یەکەم ) لە یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان ژمارە ( ١٤) ی ساڵی ٢٠٠٨ بڕیارماندا بە :-

١. دامەزراندنی دادگای کارگێڕی ( المحكمة الادارية ) لە سەنتەری هەرسێ پارێزگای ( هەولێر ، سلێمانی ، دهۆك).
٢. هەر دادگایەك بە سەرۆکایەتی دادوەرێکی پلە یەکەم و ئەندامێتی دوو دادوەر لە پۆلی دووەم یان سێیەم یاخود ئەندامێتی دادوەرێك و راوێژکارێك پێك دێت.
٣. ئەم بڕیارە دوای بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**فاروق جميل صادق**
**وەزیری داد**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد

## وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەلآیەتی

**رێنمایی ژمـارە ( ۱ ) ی سـاڵی ۲۰۰۹**
**مۆڵەتدانی سزادراوان لە فەرمـانگەكـانی چـاكسـازی كۆمەلآیەتی لە هەرێمی كوردسـتان**

بەپێ ی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە لە یاساو سیستەمی چاكسازی كۆمەلآیەتی ژمارە (۱) سالی ۲۰۰۸ ئەم رێنمایەی خوارەوەمان دەركرد:-

۱-پێ دانی مۆڵەت هەموو ئەو سزادراوانە دەگرێتەوە كە لەلایەن دادگاكانی حكومەتی هەرێم سزادراون و نێردراون بۆچاكسازی جگە لە وانەی كە لە ماددەی ٤٠ خالی (٥,٢,١)سیستەمی چاكسازی هاتووە .
۲-مۆڵەتەكە دەبێت لە (٥) پێنج رۆژ جگە لە رۆژانی چوون و هاتنەوە تێپەر نەكات.
۳- پێویستە سزادراوەكە چارەكی ماوەكەی لە ناو چاكسازیدا بەسەر بردبێت كە لە ساڵێك كەمتر نەبێت پاش ئەژمار كردنی كەمكردنەوە و ماوەی ئازادكردنی بەمەرج وە هەرسێ مانگ جارێك ئەم مۆلەتەی پێ بدریت.
٤- پێكهێنانی لێژنەیەك بە ناوی (لێژنەی هونەری) كە پێكهاتبێت لە ( توێژەری كۆمەلآیەتی و یاسایی و مەئموری چاكسازی ) بۆ پێشكەش كردنی راپۆرتی پێویست و پەسەند كردنی راپۆرتەكە بە كۆی دەنگ و رەزامەندی بەرێوەبەر.
٥- دانانی بارمتەی پێویست لە بانك بە ناوی بەرێوەبەرایەتی چاكسازی ئەو شارەی چاكسازی لێیە بە بڕێك كە لە (۲۰) بیست ملیۆن دینار پتر نەبێت و لە (٥) پێنج ملیۆن دیناریش كەمتر نەبێت وە گەڕانەوەی بارمتەكە تەنها بە واژۆی بەڕێوەبەر دەبیت.
٦- پێكهێنانی لێژنەیەك لە ( بەشی یاسا + ژمێریاری + توێژەر ) بۆ دیاری كردنی پارەی دیاری كراو بە پێی ماوە و جۆری سزاكە و رەزامەندی بەرێوەبەر.
۷- هەر مۆلەت دراوێك كە دواكەوت لە گەڕانەوەی بۆ چاكسازی كە لە (۳) سێ رۆژ تێپەڕ نەكات ، بۆ بەرێوەبەری گشتی هەیە ئەم ماوەیە بخاتە سەر ماوەی سزاكەی ئەگەر هاتو دڵنیا بوو لە بوونی هۆی ڕاستەقینە بۆ دواكەوتنەكە ، ئەگەریش دڵنیا نەبوو ماوەكە دەخاتە سەر مـــاوەی سزاكـــە و مۆڵەت دانیشی بۆ مـــاوەیەك قەدەغە دەكـــات .
۸- هەر سزادراوێك بە پتر لە یەك تاوان سزادرابوو وە یەكێك لەم سزایانە رێگر بوو لە پێدانی مۆڵەت ، پێویستە تا ئەو سزایە تەواو نەكات مۆڵەتی نەدرێتێ.
۹- هەر سزادراوێك كە دەست رەنگین بوو وە سودی بە چاكسازی گەیاند بەرێوەبەری گشتی بۆی هەیە لە سەر پێشنیاری لێژنەی هونەری و ڕەزامەندی بەرێوەبەر مۆڵەت بداتە ئەو دەست رەنگینە بە مەرجێك لە و ماوەییەی كە لە سیستەمەكە دیاری كراوە پتر نەبێت.
۱۰- هەر سزادراوێك بۆ (۳) سێ جار پێشێلی كرد لە هاتنەوەی پاش مۆڵەت دانی ، مۆڵەتی لێ قەدەغە دەكرێت.
۱۱- ئەم مۆڵەتە تەنها سزادراوانی دانیشتووی سنووری هەرێمی كوردستان دەگرێتەوە.
۱۲- بەرێوەبەری گشتی بۆی هەیە لە ساڵێك دوو جار بۆ ماوەی (۱۰) دە رۆژ جگە لە رۆژانی چوون و هاتنەوە مۆڵەت بداتە نەوجەوانان بەپێ ی ئەو رێنمایە.

**عدنان محمد قادر**
**وەزیر**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان-العراق**

**رقم القرار : ٩**

**تأريخ القرار : ٢٠٠٩/٨/٢٠**

**قــــرار رقم ( ٩ ) لسنة ٢٠٠٩**

استناداً لحكم المادة (٤٨) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، قرر برلمان كوردستان–العراق في جلسته الافتتاحية للدورة الانتخابية الثالثة و المنعقدة بتأريخ ٢٠٠٩/٨/٢٠ مايلي :

اولاً : انتخاب رئيس و أعضاء هيئة رئاسة برلمان كوردستان–العراق ( بالتزكية ) على الشكل الاتي:

١. محمد قادر عبدالله ( د.كمال كركوكى ) رئيساً للبرلمــان.

٢. ارسلان بايز اسماعيل نائباً لرئيس البرلمـــان.

٣. فرست احمد عبدالله سكرتيراً للبرلمـــان.

ثانياً :يعتبر هذا القرار نافذاً من تأريخ الانتخاب و ادائهم اليمين القانونية في ٢٠٠٩/٨/٢٠ .

ثالثاً : ينشر هذا القرار في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان ) .

**محمد قادر عبدالله**
**د.كمال كركوكى**
**رئيس برلمان كوردستان-العراق**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM